حەنون: دەسەڵاتی دادوەری پشتیوانی لە دەستپاکی دەکات لە بڕەنگاربوونەوەی گەندەڵی و وەرگرتنەوەی پارە دزراوەکان

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی، دادوەر حەیدەر حەنون، دەستپێکردنی پێشبڕکێیەکی توێژینەوەی بەناونیشانی "بەشداری لە شەڕی گەندەڵی" ڕاگەیاند، هاوکات جەختی لەوە کردەوە کە "دەسەڵاتی دادوەری پاڵپشتی دەستپاکی دەکات لە بڕەنگاربوونەوەی گەندەڵی و وەرگرتنەوەی پارە دزراوەکان".

حەیدەر حەنون سەرۆکی دەستەی دەستپاکی عێراق لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، توانیومانە ملیۆنێک و 630 هەزار دۆلار لە ڕەعد قاسم محەمەد بەرێوەبەری پێسوی ئابوری وەزارەتی کارەبای عێراق بسەنەوە، ئەو بڕە پارەیە بەشێکە لەو 7.5 ملیۆن دۆلارەی کە ئەو کەسە بە ڕێگای نایاسایی و هەڵئاوسانی سامان پەیدای کردوە.

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی وتیشی، نزیکەی سێ ملیار دینارمان لە سێ تەمەتباری گەندەڵی سندوقەوە و تەمەتبارێکانیش بریتین لە بەرێوەبەری پێشوی ئابوری لە وەزارەتی کارەبا، بەرێوەبەری پێشوی لقی ژمێریاری لە کەمپانیای نەوتی میسان و بەرێوەبەری پێشوی گومرگی تەرتەبیل.

ئاماژەی بۆشکرد، هەر لە نەو سامانکانی ئەو کەسایەتییە بەی سە کیلۆگرام زێر دەزراوەتەوە، بەڵام تا ئێستا بەهاکەیان دیاری نەکراوە و دوای ئەوەی ڕوانەی گەنجینەی دەوڵەت کرا، بە گوێرەی یاسا بەهاکەی دیاری دەکرێت.

حەنون ئەوەشی خستەو، بەی 1.8 ملیار دیناری دیکە لە ئەبو عەلی ساعدی بەڕێوەبەری لقی ژمێریاری کەمپانیای نەوتی میسان سەنراوەتەوە، ئەو پارەیەی لە ئێستەی ئەو کەسە هەشت ملیار و 600 ملیۆن دیناری عێراقییە.

باسی لێوەشکرد، بەی 250 هەزار دۆلاری دیکە لە محەمەد حەنش مەحمود بەڕێوەبەری پێشوی گومرگی تەرتەبیل سەنراوەتەوە، کە لە بنەڕەتدا پارەکە تایبەتبوە بە کەیی باڵخانەی نەخشخانەیەکی ناوچەی داودی.